سەید حەکیم: کۆتایی هاتنی ئەرکی هاوپەیمانان بەرپرسیارێتی تازە لەڕوو بەڕوو بوونەوەی تیرۆر بەسەرمان دەسەپێنێت



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە شاندێکی ڕێکخراوی (جاستیك لیگ) کرد کە بەسەرۆکایەتی بەڕێز کلایف ستافرۆد سمیس بوو، لەگەڵ ئامادەبوونی ئەندامان تام ستۆیل و محەمەد جامباز و مەحمود جامباز لەم دیدارە باس لە پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی و دۆخی عێراق کرا پاش تەواو بوونی ئەرکی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی داعش

. بەڕێزیان جەختی لە گرنگی وەرگرتنی بەرپرسیارێتی وڵاتان لە دادگاییکردنی توخمە تیرۆریستەکانی داعش لە وڵاتەکانیان کردەوە، هۆشداریشیدا لەوەی کە داعش وەك وەرەمێکی شێرپەنجەیی وایە کە ناتوانرێت متمانە بە مەترسییەکەی بکرێت، ئەمەش پێویستی بە پەسەندکردنی بەرنامەی یەکگرتوو هەیە بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی لە ئاستی ئەمنی و هەواڵگری و کۆمەڵایەتی و فیکریدا...